# ڕێنمایی ژمارە ( ١ )ساڵی ٢٠٠١

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە بە پێی مادەی چوارەمی پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری ژمارە / ١ی ساڵی ٢٠٠٠ بۆ ڕێکخستنی کاری عیادە بەیتەرییەکانی تایبەت کە لە گەڵ ئامانجەکانی کاری ئەو وەزارەتە بگونجێت ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد :

**یەکەم :**

پزیشکی خاوەن عیادە و تیمارخانەی تایبەتی دەبێ پابەندی مەرجەکانی سەرف کردنی بەشە دەرمانی وەرگیراو بن ، بە نووسین ، لەم بارەیەوە بەڵێن بدەن .

**دووەم :**

١. تۆمارکردنی زانیاری تەواو دەربارەی ئاژەڵداری سوودمەند لە سجلێکی تایبەت بەم شێوەی خوارەوە :

زنجیرە ، ناوی سیانی ، ناونیشان ، جۆری ئاژەڵ ، ژمارەی ئاژەڵ ، جۆری نەخۆشی سەسپێکت ، جۆری دەرمان ، یەکە ، بڕی دەرمان ، بڕی پارە ، تێبینی .

٢. ڕاچێتەی تایبەتی عیادە هەبێت بە ناوی پزیشك و بڕوانامەو ناو نیشانی تەواوی تیایدا دیاری بکرێت .

٣. ئامادە کردنی ڕاپۆرتی نیو مانگی بە سێ وێنە بۆ سەندیکاو بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەیتەرەو سامانی ئاژەڵی / هەولێر و دهۆك و ڕاپۆرتی نەخۆشیە وەبائیەکان پێشکەش بکرێ .

٤. بەڵێن بدات کەوا ئەم دەرمان و فاکسینانە بەکار بێت تەنها بۆ سوودی ( ئاژەڵدارەکان )ی ناو سنووری پارێزگا.

٥. بەڵێن بدات کەوا تەنها بە پێی ڕاچێتەی پزیشکی تیمارکەر صەرف بکرێت .

٦. هەر عیادەیەك ، یان تیمارخانەی تایبەتی بۆی نییە کەسانی غەیری تایبەتمەند بەکار بێنێت بۆ کاروباری برینپێچی بەیتەری .

٧. گەیاندنی ڕاپۆرت بۆ سەندیکا لە بەرواری ٣ و ١٨ هەر مانگێك .

٨. پەیڕەو کردنی سیستەمی بەزاندنی سنووری یاسا بۆ کۆنترۆڵ کردنی سەرپێچییەکانی بەرنامەکە کە لە لایەن سەندیکا بەم شێوەیەی خوارەوە :٠٠

تەغریم کردن بە بڕی ١٠٪ لە نرخی مەزندە کراوی بەشە دەرمان ( القیمة النقدیة للحصة ) و بڕینی بەشی عیادەکە بۆ ماوەی یەك مانگ وەك یەکەم بەزاندنی سنووری.

١یاسا بۆ کۆنترۆڵ کردنی سەرپێچییەکانی بەرنامەکە کە لە لایەن سەندیکا بەم شێوەیەی خوارەوە ٠٠:

- تەغریم کردن بە بڕی ١٠٪ لە نرخی مەزندە کراوی بەشە دەرمان ( القیمة النقدیة للحصة ) و بڕینی بەشی عیادەکە بۆ ماوەی یەك مانگ وەك یەکەم بەزاندنی سنووری یاسا .
- تەغریم کردن بە بڕی ٢٠٪ لە نرخی مەزندە کراوی بەشە دەرمان (القیمة النقدیة للحصة ) و بڕینی بەشی عیادەکە بۆ ماوەی دوو مانگ وەك دووەم بەزاندنی سنووری یاسا .
- تەغریم کردن بە بڕی ٥٠٪ لە نرخی مەزندە کراوی بەشە دەرمان (القیمة النقدیة للحصة ) و بڕینی بەشی دەرمان و مەواد بە یەکجاری .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

٩. هەر یەك لەم خالآنەیخوارەوە بە سەر پێچیکردن و دەرچوون لە سنووری یاسا دائەنرێت .
- ناو نیشانی ئاژەڵدار گەر ڕوون و تەواو نەبێت .
- جیاوازی زانیارییەکانی ڕاپۆرت .
- دواکەوتنی تەسلیم کردنی ڕاپۆرت لە کاتی دیاری کراو .

**سێیەم :**

سـەندیکا بـەردەوام دەبێـت بـۆ بـە دواداچـوونەوەی سـەرفی دەرمـان بـە هاوکـاری هـەر دوو بەڕێوەبەرایـەتی بەیتـەرە و سـامانی ئـاژەڵ لـە هـەولێر و دهـۆك و ، بەرزکردنـەوەی ڕاپـۆرت بـەم بەدواداچوونەوەی ئەو بابەتانە.

**سـعد عبدالله عثمان**
**وەزیــــری کشــتوکاڵ و ئاودێــــری**

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com